www.kurdistannet.org
17/05/2003 22:14

# کلیلەکانی پەیوەندی تورکیا-ئەمەریکا: دەوڵەتی کوردی و عیلمانیەت

تونجای ئویزکان
و. : بەکر شوانــی
bschwani@hotmail.com

ئایا بەهای ستراتیژی تورکیا بۆ ئەمەریکا هەروا درێژەی دەبێت؟ ئایا تورکیا باوەڕ بە ئەمەریکا دەکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بەلای تورکیاوە زۆر گرنگە. لە بەرژەوەندی ئەمەریکا نیە لە وادەی مامناوەندی و درێژخایەندا دەوڵەتێکی گرنگ و هاوپەیمانێکی ستراتیژی وەکو تورکیا لەدەست بدات، بەڵام تێڕوانینی ئەمەریکا بۆ تورکیا لە ڕەوتی گشتی پەیوەندیەکان و لە چەمکی بە ئەمرۆگەیشتووی "هاوپەیمانی جێی بڕوا" و "ستراتیژی"یەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکو دەکرێ بوترێ کە لەو هەڵوێستەوە سەرچاوە دەگرێ کە تورکیا لە شەڕی عێراقدا نواندی. ئەمەش شەڕێکی لێ دەکەوێتەوە کە چ لە تورکیا و چ لە ئەمەریکا سەری زۆری تێدا دەپەڕێ. حکومەتی ئەمەریکا کە تێدەکۆشێ ئەو پەیامە بگەیەنێ کە شەڕی دژ بە عێراق لەدژی ئیسلام نیە، لە ڕووبەرێکی دژواری وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێویستی بە دەوڵەتێکی وەکو تورکیا دەبێت کە توانیوێتی ئیسلام و دیموکراسی پێکەوە بسازێنێ. ئاشکرایشە کە پەیوەندی هاوڵاتیانی موسوڵمان-دیموکراسی-عیلمانیەت دەبێتە پێشەنگ بۆ ئەو سیستەمە دیموکراسیەی کە پێشبینی دەکرێ لە عێراق دابمەزرێنرێ و بە تایبەتیش ئەمەریکا لە بەرامبەر هەڕەشەی بە ئێرانی بوونی عێراق، ناتوانێ دەست لە سیستەمی تورکیا هەڵبگرێ.

* * *

لەگەڵ ئەمەشدا چاوەڕێکردنی ئەوەی ئەنجامە نەگەتیڤەکانی قەیرانی سەرهەڵداوی پەیوەندی ئەمرۆی نێوان تورکیا و ئەمەریکا بەدەر لە مەسەلەی عێراق و بۆ ماوەیەکی کورت لە پێناوی "درێژەپێدانی ستراتیژیەتی تورکیادا بۆ ئەمەریکا" بخرێتە لاوە، هەنگاوێک دەبێت دوور لە ڕاستی. بۆیە پێگەی جوگرافی تاقانە ڕەگەز نیە بۆ دیاریکردنی "بەهای ستراتیژی" دەوڵەتێک، بەڵکو سەرکەوتن یان نەکەوتنی دەوڵەتەکە لە مامەڵەی سیاسی و سەربازیدا ڕەگەزێکە کە هیچی لە ڕەگەزی پێگەی جوگرافی کەمتر نیە.

* * *

باکوری عێراق و داهاتووی کوردەکانی باکوری عێراق وەکو ڕووبەرێکی بە مین چێنراو وایە لە نێوان تورکیا و ئەمەریکادا. ئەمەریکا لەم کاتەدا ڕادەگەیەنێ کە پابەندی ئامانجی یەکپارچەیی خاکی عێراق دەبێت و پشتیوانی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی ناکات و لەگەڵ دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتیدایە بۆ عێراق و ئەم تێڕوانینەش ئامانجێکە کە تورکیا هەر لەسەرەتاوە کاری بۆ کردووە. لەگەڵ ئەمەشدا زۆر بە ئاشکرا دیارە کە ئەو تێڕوانینەی ئەمەریکا بۆ باکوری عێراق هەیەتی، لەگەڵ چاوەڕوانیەکانی تورکیادا یەکناگرێتەوە. بە واتایەکی ڕوونتر، ناکۆکی پەیوەندی نێوان تورکیا و ئەمەریکا تەنها لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ نیە، بەڵکو لەسەر شێوازی ئەو بیرۆکانەیە کە ئەمەریکا بۆ عێراق لەبەرچاوی گرتووە و

ناوەڕۆکەکەی بە تورکیا ڕاناگەیەنێ. لە بەڕێوەبەرایەتی داهاتووی عێراقدا چی بە کوردەکان دەدرێت؟ ئایا ئەو ڕۆڵە چیە کە ئەمەریکا دەیەوێت لە ڤیزیۆنی نوێی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بە کوردەکانی ببەخشێ؟ ئا ئەمەیە خاڵی پشتشکێنی پەیوندی نێوان تورکیا و ئەمەریکا. خاڵێکی تریش یاریکردنی ئەمەریکایە بە کارتی ئیسلام لە تورکیا کە بە سەختی بەسەریدا شکایەوە. ئەمەریکا لەمەودوا چی دەکات؟ ئەگەر تورکیا و ئەمەریکا لەسەر ئەم دوو خاڵە واتە یەکپارچەیی خاک و پێکهاتەی عیلمانی تورکیا لەیەک نەگەن و ڕێک نەکەون، ئەوا با ئەمەریکا ڕێگای خۆی بگرێ و تورکیاش ڕێگای خۆی.

---

سەرچاوە: ڕۆژنامەی ئاکشام **٢٠٠٣/٥/١٣**

www.kurdistannet.org کوردستان نێت